# شەڕی ناوخۆ زریانە و ئاشتی ناوخۆییش ئازادی دەهێنێت

بەرزبوونەوەی ئاستی گرژیەکانی نێوان پەکەکە و پ.د.ک لەم ڕۆژانەی دواییدا گەشتووە بە ئاستێکی ترسناک، کە لەناو کورداندا ڕێگا لەبەردەم مەترسی قوڵ واڵا دەکەن. دەرئەنجامەکەشی کاریگەری دەکاتە سەر تەواوی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوین و دەبێت بە پرسگریەکی نێونەتەوەیی و هەرێمیش

بۆ ئەوەی کورد لە پرۆسەی سەرلەنوێ نەخشەکێشانەوەی خۆرهەڵاتی ناویندا، لە وڵاتی خۆیان ببن بە خاوەن مافی ژیانی ئازاد، ئێمە باوەڕمان وایە کە لەسەر ئامانج و ستراتیژێکی هاوبەش، دەبێت هەموو پارتەکان، ڕێکخستنەکان و هێزە سەربازیەکانی کوردان نزیکی یەک ببنەوە

هەربۆیە هەموو کوردانی وڵات و تاراوگە خوازیارن کە پرسگریەکانی نێوان پارت و هێزە کوردیەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن و لەو چوارچێوەیەدا داواکاری لە هەموولایەک دەکەین بە بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن

ئێمە؛ ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنوسان و نوسەرانی کورد کە واژۆکانمان لە خوارەوەیە، ناخوازین وەک تەماشاوان ڕاوەستین و لەبەردەم ئەو گۆڕانکاریە مەترسیدارەی کە ناوەندەکەی باشوری کوردستانە. بۆ گفتوگۆیەکی بونیادنەر و بە هاوکاری و پشتیوانی ناوخۆیی، هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بانگێشتی هەوڵدان و هیمەتکردن دەکەین

بە تێڕوانینی ئێمە هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆیی بۆ کوردان، جگە لە زریانێک هیچی تر نیە، کە تا ١٠٠ ساڵ دوای خۆی ئەو دەرفەتە مێژووییە لەگەڵ خۆی دەبات، کە ئێستا هەیە

گەلێک ئاشکرایە کە شەڕی ناوخۆیی کوردان لەخزمەتی نەیارانی کوردا دەبێت ، بەرلە هەموان دەوڵەتی تورکیا. ئەوان بە "قڕکردنی کوردان بە دەستی کوردان" دەیانەوێت خۆیان لە قەیرانەکانی دەوڵەت- نەتەوەی خۆیان دەرباز بکەن و لەهەمانکاتدا ستراتیژی داگیرکاری خۆیان لەسەر کوردستان پێک بهێنن. لە لایەکی ترەوە دەیانەوێت لە پرۆسەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی خۆرهەڵاتی ناویندا ڕۆڵی سیاسی کوردان لەباربەرن کە بەهێز بووە، هەروەها بێستاتۆکردنی کوردانیشیان کردووە بە ئامانجی خۆیان

بۆ بەرگرتن لەو پێشهاتە مەترسیدارە ئێمە بانگەوازی لە هەموو کوردانی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەین هەروەها لە ڕای گشی کوردان، کە لەبری ئەوەی تەماشای دۆخەکە بکەن، با دەستپێشخەری بکەن و دەست بخەنە سەر ئەو مژارە

**واژۆکان**